# کچێ نووقڵە ..



ئیسماعیل خورماڵی

کچێ نووقڵە

بەو لەشەت کە هەمووی نووقڵە

خەیاڵ نەکەی ڕۆژێ لە بیرت کەم

خوا نەکردە ، بازی عەشقت لە فڕکەخەم

بە چاوی تۆ چەنە دوورم ، چەنە تەژنەی  شارەزوورم

هەزار هێندە سێوەر سێوەر لە خەیاڵمان ،

تەژنەتانم

قوم قوم لە جامی شەرابمان ،

تەژنەتانم

کچێ نووقڵە ، قژلوولەکەی دەشتی گۆران

هەتا ئێشتەش کە قەپاڵێ لە ڕووی سێوێ دەگرم

کە مەغریبێ ، بە یادی تۆ

بە خەیاڵێ ، ئاگر دەگرم

لە جێ دەمی گازە سێوم ،

بە ڕووی سێوان لە ڕووی سێوا

دێیت و دەڵێی : ئەی پیاوی ڕۆژی شیعر ،

هەی خۆش نەوا ، ئەوە سێوی غەریبستان دەخۆی

ئەو سێوە بە لێووت زبرە ، ئەوە لادە

ماچێ ، گازێ لەم سێوەی من بگرە !

کچێ نووقڵە ، قژلوولەکەی دەشتی گۆران

هەتا ئێتاش کە ئێواران

قومی شەرابێ سوور دەنێم بە لێومەوە

ئەڵێی ئەیرۆ ئەی پیاوی مزر

منت مرم ،

ئەوە بەو (لێوانە) شەراب دەخۆێتەوە

ئەوە لادە ، ئەوە لێوم ،

لێوم نەبێ

دەمی ئەو پەرداخە کەی لە لێوت دێ ؟

تەڕایی شەرابی زمانی من نەبێ

جۆگەی شیعر کەی لە لێووت دێ ؟

کچێ نووقڵە ، بەولەشەت کە هەمووی نووقڵە

خەیاڵ نەکەی ڕۆژێ لە بیرت کەم

لەزمسانا لە تاوسانا

من تنۆکێ لەبارانت فەرامۆش کەم

نانا نووقڵە ، بەو لەشەت کەهەمووی نووقڵە

هەتا مابم ، هەتا هەبم ، من هەر دەبێ

پاڵەوانی حیکایەتی عەشقتان بم